# بەغداد لە نێوان شەڕی میلیشیاکاندا

## عوسمان حاجی مارف

پەنا بردن بۆ شەڕی چەکدارانە لە نێوان سەرایە سەلامی سەدرو هێزەکانی هاوپەیمانی لە شاری بەغدا، هاوکات شەڕ لەگەڵ دەستەی چەکداری خەزعەلی لە شاری بەسرە، نیشاندانی داخستنی تەواوی ئەو ڕێکەوتنەیە کە هێزە میلیشیاکانی شیعە دەیانویست حکومەتێک بەشێوازی تەوافق و بەشبەشێنە کە پێش چەندین ساڵ لەسەری ڕێککەوتبون، پێک بهێننەوە. واتە ئەنجامی بن بەست بون بۆ پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا بە ڕێکەوتنی نێوان هێزە میلیشیاکانی تائفی و ئیسلامی و عروبە تا ڕادەیەک بە شوێنی خۆی گەیشتووە، لەو نێوەشدا بە هەڵکوتانە سەر پەرلەمان و دامودەزگا حکومیەکان خەریکە دانیشتوانی شاری بەغداد دەخەنە ناو ئاگری دۆزەخی شەڕەکەیانەوە.

ئەم شەڕە چەکداریەی سەدر لە بەرانبەر عامری و خەزعەلیدا پێشبینی دەکراو کردارێکی چاوەڕوانکراو بو، چونکە ئاکامی کێشمەکێشی نێوانیان نەیتوانی و ناتوانێ هیچ نەخشەو پلانێکی گونجاو بۆ ڕێکەوتن لەسەر بەردەوامی بە جەردەیی و تالانی و گەندەڵی پێکەوە لە حکومەتێکدا بدەن بەدەستەوە، یان ڕۆشناییەک بخەنە بەردەم ئەو قەیرانانەی کەدەرگیری عێراق و ناوچەکە بووە، بۆیە ئاکامەکەی دەبێتە شەڕی نێوانیان.

هەوڵەکانی سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە جۆرێکی ترە لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافقی لەگەڵ هیزە میلیشیاکانی پارتی و حەلبوسی و هێزگەلێکی تردا، تا لە بەرامبەر ئەو هێزە میلیشیایانەی پاشکۆی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئێراندان بوەستنەوە، ئەم هەوڵەش ئاشکرابو کە هەر لەسەرەتاوە سەری نەگرت

عێراقێک کە غەرق بووە لە گێژاوی سیاسی و گەندەڵیدا و تەواوی ئەم هێزە میلیشیایانەش فاکتەرێکی کاریگەری ئەو دۆخەن، تەواوی بونیان و پلان و دەوری سیاسیان بەبەردەوامی هۆکاری قوڵکردنەوەی ئەو گێژاوو ناجێگیریە سیاسیەن،

هەر هەوڵ و شیوازێکی تر لە دەورو دەخالەت و کێشمەکێش و شەڕی نێوانیان هۆکاری سیناریۆی نەرێنی زیاترو کارەسات بار تر دەبن.

تەواوی ئەم هێزە مافیا گەندەڵ و جەردانەی لە عیراق و کوردستاندا کە بەهێزی میلیشیا نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن، وێنایەکی نمونەیی ئەوپەڕی ڕیسواییین لە شێوازدان بە چوارچێوەی حوکمرانیەکی تایبەت لە ناوچەکەدا، تا ئەو ئاستەی تەواو ناکۆکن بەو ئاڵوگۆڕانەی پێویستە پێشبینی بکرێت بۆ ناوچەکە بە ئاراستەی دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایە گوزاری، بە مانایەک گەر پرۆژەی ئارامی سیاسی و دابینکردنی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری پێداویستیەکی ناچاری بێت، ئەوە بەڵگە نەویستە کە تەواوی ئەو هێزانەی چەندین ساڵە لە شانۆی سیاسی عێراقدا وەک هێزی میلیشیا سەپێنراون، ئێستا کەوتونەتە بەر چارەنوسێک بۆ خۆشیان ڕۆشن نیە ئایندەی سیاسی و مافی دەسەڵاتداریەتیان تاکەی بڕدەکات و بەرەو کوێیان دەبات. هەر هێزکیان لەو نێوەدا بەخت و چارەنوسی خۆی لە ناو ئە ئاڵوگۆڕانەدا تاقی دەکاتەوە. بە مانایەکی تر هەر لایەنێکیان بەهەر شێوازو سیناریۆیەکی گونجاو بۆیان بەدی بێت لە هەوڵی ئەوەدان هاوسەنگی هێزەکەی تاقی کاتەوەو هەوڵئەدات نیشانی بدات هێزێکە ئەتوانێ کە خاوەنداریەتی ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بەدەستەوە بگرێت. بە بۆچونی من ئەم جۆرە لە هەوڵدان بۆ هەر لایەنێکیان قومارێکی گەورەو مەترسیدارە، دەبینین کە ئاکامی کێشمەکێشەکایان جگە لەوەی دەبێتە پێکدادان و بارگرژی و نائارامی زیاتر بۆدۆخی سیاسی عێراق، هیچ شتێکی تری لێ سەوز نابێت، هەرلایەنێکیان پێگەو نفوزی سیاسی و چەکداری خۆی تاقی دەکاتەوە تا گرەوی باڵادەستی بەسەر گەندەڵیدا تەواو بخاتە ژێر هێژمۆنی خۆیەوە.

ئەم هێزە میلیشیایانەی کە بەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە لە مەیدانی سیاسی عێراقدا ناسنامەی سیاسی خۆیان بە ئیسلامی و تائفی و عروبە ناساند، وەک چەند گروپ و دەستەوتاقمی مافیا ئاسا، گەورەترین تەوریان بەسەر درەختی بەهاری عێراقدا وەشاند، عێراقیان کردە چەند پارچەیەک کە تا ئێستا هەر تاقمە مافیایەک ناوچەیەکی خستۆتە ژێردەسەلاتی هێزە دڕندەکەی بۆ سەپاندنی ئەوپەڕی

کۆنەپەرستی و مامەڵەی دژە ئینسانی. لە هەمان کاتدا هەریەک لەو هێزانە ئەوەیان سەلماند کەبە هیچ جۆرێک توانای ئەوەیان نیە و ناتوانن مەرکەزیەت بۆ باڵادەستی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراق دابین کەنەوە، هەر ناوچەو هەر شارێک یاساو رێسای میلیشیایەک بەرێوەی دەبات، هەر هەولێک بۆ گەڕانەوەی مەرکەزیەت لە سایەی ئەم مافیایانەدا بەشکست و کارەسات کێشراوە.

موقتەدا سەدرو هێزەکەی لە هەوڵی خۆ ئامادەکردنیان بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانەی پێویستە لە عێراق و ناوچەکەدا بەدی بهێنرێت، سەرەتا هەوڵیاندا لە ڕێگەی فشارهێنان بە خۆپیشاندانە جەماوەرکەیان، لە بەرامبەر هاوپەیمانی و لایەنەکانی تردا مەرجەکانی بۆ پێکهێنانی حکومەت بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم ڕێگایە بۆ سەدر کارساز نەبو، جگە لە کات کوشتن، نەبووە دەستکەوتێک تا نانی سەرکەوتنی پێکهێنانی دەسەڵاتی لێ بخوات، بۆیە سەدرو هێزەکەی ڕێرەوی جوڵەی سیاسی خۆیان گۆڕی بۆ هێرشی چەکداری، ئەم شەڕەش بۆ سەدر جارێکی تر جگە لە زیانێکی زۆر لەهێزەکەی و کەم بونەوەی ئعتباری سیاسی ڕەوتەکەی ئەنجامێکی تری نەبو، لە هەمان کاتدا لە ژێر فشاری ئێران و بەرەنگاربونەوەی هێزی هاوپەیمانی، لەبەرامبەر پاشەکشەو شکستێکدا خۆی بینیەوە. بەم جۆرە دۆخەکەی لە خۆی و لە هێزەکانی تریش ئاڵۆزترو نالەبارتر کرد.

لەلایەک واقعیەتی بارگرژی و نالەباری و نائارامی کە ساڵانێکە بۆتە دیاردەیەکی دانەبڕاوی بەرچاو لە ناوچەکەدا، لەلایەکی ترەوە ئەو ئاراستەیەی بەتەنگ ئەو ئاڵوگۆڕەوەیە بە گەڕانەوەی ئارامی و ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری، ڕێگە نادات بەشەڕی درێژماوەی نێوان هێزە میلیشیاکان، بۆیە نەک سەدر، هەرهێزو لایەنێک لە مەیدانی شەڕی ناوخۆدا خۆی تاقی کاتەوە بۆ سەپاندنی هێزەکەی، لە بەرێخستنی شەڕێکی درێژماوەدا، بێشک لەبەردەم پاشەکشەو شکستدا خۆی دەبینێتەوە، هەربۆیە سەدر بە زوویی ناچار بە پاشەکشەو شەرمەزاری بو. ئەمە واقعیەتی سیاسی ئێستای ئەو دۆخەیە لە ناوچەکەدا کە لە ناو ناکۆکی و ئایندەیەکدا قەتیس بووە، ناتوانرێ لە ئایندەیەکی نزیکدا دەرکەوتەکانی بەدی بکرێت، ئەمەش

هێزه میلیشیاو مافیاکانی خستۆته ناو چاوەڕوانی و سەرەگێژیەکەوە، نازانن چۆن وه دەست پێبکەنەوەو لەکوێ وه سەر دەربێننەوە، بۆیه هەمیشه ئیمکانی ئەوە هەیه پێکدادانی تر له چەشنی سەدرو هادی عامری و خەزعەلی دوباره بێتەوە، بەڵام ناتوانێ درێژماوه بێت.

مەسەڵەیەک که گرنگه لەم نێوەداو جێگای سەرنجی جەماوەری ناڕازی بێت له عێراقدا، ئەوەیه به هیچ جۆرێک خەڵکی نەبنه قوربانی و سوتەمەنی ئەم جۆره شەڕانەی نێوان هێزه میلیشیاکان، تەواوی ئەم هێزانه به ڕێکەوتنیان، به شەڕەکانیان، گەورەترین دەردو بەڵاو موسیبەتن بۆ دانیشتوان، خۆپاراستن و دورکەوتنەوه لەشەڕەکانیان گرنگترین ئەرکه پەیڕەوی بکەین، له هەمان کاتدا ڕێگای کارساز بۆ کۆتایی بەم دۆخە، خرۆشان و ڕاپەڕینی جەماوەری ناڕازیه که سەربەخۆبن له ئاسۆی بزوتنەوەی ئیسلامی و تائفی و قەوم پەرستی، له هەوڵی ڕامالین و پاکردنەوەی عێراق و کوردستاندا بین لەم هێزه میلیشیایانه.